# کاک بایز من و تۆ، هەولێری گۆتەنی، عەرد و عاسمانمان فەرقە!

**مەهاباد کوردی**

هەر لەو ڕۆژەی دەستم داوەتە قەڵەم، بە چ شێوەیەک حەزم لەوە نەکردووە، من و یەکێکی تر لە بەرامبەر یەکدی بوەستین و شیر و تیر لێکتر بسووین. یان بە واتایەکی دیکە مەسەلە گرنگەکانی نەتەوەکەمان لەبیر بچێت و شەڕەقەڵەمی یەکتر بکەین. هەر لە ساڵی 1987ەوە کە یەکەمین وتارم بڵاو بۆتەوە، تا ڕۆژی ئەمڕۆ، مەگەر ناچار بووبووم یان کرابم، دەنا قەت بیریشم لەوە نەکردۆتەوە کاتی خۆم بە ململانێی لابەلا و دووبەدوو بەسەربەرم. خوێنەران چاک دەزانن ئەمە تایبەتمەندییەکی من نەبووە و نابێت. جاری وا بووە کەسانێک هاتوون، هەڵبەت لەژێر ناوی ڕەخنە، قسەی بێ سەروبەر و تەنانەت جوێنی ناشیرینیشیان ئاڕاستە کردووم. لەگەڵ ئەوەشدا من لە زۆر کات و بۆنەدا بێدەنگیم هەڵبژاردووە و، لە ماوەی 16-17 ساڵی خەریکبوونم بە کاری نووسینەوە، تا بڵێی کەم پەنام وەبەر قەڵەمەکەم بردووە، بەو مەبەستەی وەرامی کەسانێکی وەها بدەمەوە. شتێ کە زیاتر من بەگژیدا چووبم سیاسەتی چەوت و ناکوردانە و ناکوردستانییانەی سەرانی کورد و هەندێ لە ڕێکخراوە کوردییەکان بووە، نەک کەسان و لایەنگەلێکی دیکە. یەکێ کە لەبن ناوی کوردایەتیدا وەک دووپشک بە کوردەوە بدات، من ناتوانم لەهەمبەریدا قورقەپ بکەم و بیانووی بۆ بهێنمەوە.

چەند مانگێک بەر لە ئێستا کورتەنووسینێکم لەژێر سەردێڕی (خەندەی سەر لێوی لەیلا زانا)، لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا بڵاو کردەوە. دواتر هەر هەمان بابەت لە (نێوەند) بڵاو کرایەوە. برادەرێک هەر لە (نێوەند)دا بەرسڤی منی دابۆوە. منیش وەرامدانەوەی خۆمم بۆ نێوەند نارد، بە چەندین هەڵەی زەقی ڕێنووسی و لەبیرچوونی گەلێ وشەش، بابەتەکەی من بڵاو کرابۆوە. ستافی نێوەند لەمە بەئاگان و نامەی منیان بۆ چووە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە دیسان هەر لە (نێوەند)ی ژمارە 6، کە لە 1-10-2004 دەرچووە، هەر هەمان کاک (بایز میراودەلی)ی جاران، گوایە ڕەخنەی لە وەرامدانەوەکەی من گرتووە، سووکایەتینامەیەکی بڵاو کردۆتەوە. پاشان تێدەگەن بۆ دەڵێم (سووکایەتینامە).

من لێرەدا هەتا پێم بکرێ بە کورتی وەرامی کاک بایز دەدەمەوە، داوای لێبوردنیش لە خوێنەرانی هێژا دەکەم، ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕانەدا تووشی بێزاربوون و سەریەشە بێن. ئەوی ڕاستی بێ کاک بایز هەر بە قسەی خۆی، لە بنەڕەتەوە لە شتەکان بێئاگایە و، خۆ ئەگەر ناوبراو بێئاگا نەبا، چۆن نەیدەزانی خۆی گۆتەنی: (مەهاباد کوردی خوشکە یان کاک). دەبا کەمێ هەق بەو بدەین، چونکە ئەم ناوە لە زمانی کوردیدا زێتر بۆ کچان بەکار دەبرێت. لێ ئایا کاک میراودەلی لەو ماوەیەدا، 16-17 ساڵێکە کە خەریکی کاری نووسینم، جارێ لە جاران چاوی بە وێنەیەکی من نەکەوتبێت، تا بزانێت مەهاباد کوردی ژنە یان پیاو؟ پێویستە ئەوەش بڵێم نابێ خوێنەر بە هەڵە لە من تێبگا، چونکە لای من ژن و پیاو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و، بەر لەوەی هەر شتێکیش بن مرۆڤن. باشە کاک بایز نابێ ڕۆژێ لە ڕۆژان سەیرێکی ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کردبێ کە لە ناوخۆی کوردستان دەردەچن و، مەهاباد کودیش بە بەردەوامی، هەرنا هەرنا لە یەکێکیان نووسین و وتار بڵاو دەکاتەوە؟ داخوا ئەم برادەرەمان چ ئاگایەکی لە ماڵپەڕە کوردییەکانی کوردستان نێت و کلاوڕۆژنە و دەنگەکان و KDP.info نییە کە مەهاباد کوردی، بە کوردی و بە عەرەبی، ماوەیەکی باش دەبێ نووسراو و وتارەکانی خۆی بۆ ئەم شوێنانە ناردووە و دەشنێرێت. گەلۆ کاک بایز لە هەردوو سایتەکانی کوردستان نێت و کلاوڕۆژنە چاوی بە وێنەکانی مەهاباد کوردی نەکەوتووە؟ یان

له (میدیا) که له هەولێر دەردەچێت و دەگاتە سلێمانیش، نووسراوەکان و وێنەی مەهاباد کوردی نەبینیوە؟ ئاخر کاکی برا تۆ که نەتدەزانی مەهاباد کوردی (خوشکە یان کاک)، لە نزیکیشەوە نەتدەناسی و شارەزای نەبووی، ئەی بە چ هەقێک هەڵدەکوتیتە سەر و گوێلاکی ئەم (مەهاباد کوردی)یە؟! ئایا ئەم پرسیارانەی سەرەوە جۆرێک لە بێئاگایی جەنابت دەرناخەن؟ هەر خوا خێری ستاف (نێوەند) بنووسێت کە هەندێ زانیارییان بە دروستی بۆ چاپ کردوویت و، خۆشت گۆتەنی: لە شوێنی هەر (خوشک)ێکدا (کاک)ێکیان بۆ داناویت. نازانم نووسینێک بەم شێوەیە بڵاو بکرێتەوە چ تامێکی دەمێنێت؟ بەهەرحاڵ کورت و موختەسەر پێت دەڵێم:

- جەنابت بتەوێ و نەتەوێ حیزبییانە بیر دەکەیتەوە، هەرچی منم باش بزانە کوردانە و کوردستانییانە بۆ شتەکان دەچم. دۆست و دوژمن شاهیدی ئەمەن.
- تۆ و هاوشێوەکانت، ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت، باکووری کوردستان و خەباتی گەلەکەیتان بە ئۆجەلان و قسە عەنتیکەکانی ئەو گۆڕیەوە. من و هاوشێوەکانیشم ڕێک بە پێچەوانەی ئێوە بیر دەکەینەوە.
- باس لە هەبوونی گەریلا لە بناری قەندیل دەکەیت، وەک ئەوەی چونکە من لە سوێد دەژیم بێئاگا بم لەم مەسەلەیە، بەڵام لێت دەپرسم: ئەی چ لە بناری ئاگری(ئەرارات) و باگۆک و مونزوور و ئێرە و ئەوێی باکووری نیشتمان بکەین؟ شوێن هەبوو لە باکووری کوردستان، هەر بۆ نموونە (مێشە) کە لە لاپاڵی چیای ئاگری هەڵکەوتووە، جەندرمەی تورک حەددی چ بوو بە نوێژی نیوەڕۆش ڕووی تێبکات. هەنووکە ئەو جەندرمانە چاویان سوور بووە و، دەپرسن: ئەرێ ئاپۆچیگەل چییان بەسەر هات؟ من خۆم ئەم ناوچانە و زۆری دیکەشم لەم بەشەی کوردستان بینیوە و خەڵکی وێندەرێش دەناسم.
- کەس نەیگوتووە بە شەڕ هەموو شتێک پێکدێت. ئەمەیان تەنیا لێکدانەوەیەکی ڕەق و ڕووتی خۆتە، بەڵام دیسانیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرم: هەر لە ڕۆژی گرتنی ئۆجەلانەوە تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ، پ.ک.ک هەڵە و شاشی گەورە گەورەی کردووە و دەکات.
- وا بۆ هەژدە ساڵ دەچێت من لە سوێد دەژیم. جەنابت کە نازانێت من بە چ دەردەسەرییەک هاتوومەتە ئەو وڵاتە، بە چ شێوەیەک ماف ئەوەت نییە، وا خوت و خۆڕا سووکایەتی بە من و کەسانێکی کوردی دیکە بکەیت کە لەم وڵاتەدا گیرساونەتەوە. پێش ئەوەی بێمە سوێد، تەنیا لەبەر کوردبوونم لە سێ وڵات زیندانی کرام، ئینجا لە ڕێی UNHCR ەوە گەیشتمە وڵاتی ناوهاتوو. داخوا ئەم قسانە ئەگەر سووکایەتیکردن نەبن دەبێ چ بن: (**ئەوە بایز نییە قۆناغی کەمپ و شوقە و سۆشیالی بینیبێت و، قسەی لووس و تووسی بۆ محامییەکەی کردبێت، تاکو لجوئی سیاسی یان ئینسانی وەربگرێت، بەڵکو ئەوە بەڕێزتی کە باڵەخانەکانی سوید سەریان لە هەور گیرکەن، تۆزقاڵێک خۆشحاڵیت پێنابەخشێت و دار و بەردی ئەو وڵاتە نامۆن بە تۆ و...**). من لە ماوەی هەژدە ساڵ ژیانمدا لە سوێد کەمتر لە پێنج مانگ، لەسەر ماڵی مامە(سۆسیال) ژیاوم. کاتێ دەستم بە کارکردن کرد، زمانی سوێدی ئەوەندە فێربووبووم کە تەقەتەقی پێ بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا زارۆکی کوردم فێری کوردی دەکرد و شەوانیش بەخۆم فێری سوێدی دەبووم. ئەو قوتابخانەی کە من کارم تێدا دەکرد، من یەکەمین کورد بووم کە بە گەورەیی و بە شێوەیەکی لاکێشەیی، وێنەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانم لەسەر یەکێ لە لادیوارەکانی کێشا. هەر بۆ ئاگاداریشت هێشتا لە پاکستان بۆ سوێد بەڕێ نەکەوتبووم، دەمزانی ماف

پەنابەریێتی سیاسیم پێ دەدرێت، چونکە من لە ڕێگای ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەهاتمە سوێد. هەر لەبەر هەندێ چ پێویستییەکم بەوە نەبوو قسەی (لووس و تووس) بۆ پارێزەرەکەم بکەم. جا بۆ پێویستم بە پارێزەر هەبوو؟ خۆ چ تاوانێکم نەکردبوو کاکە گیان!

- کاک بایز میراودەلی تۆ گەلێ شتت پشت گوێ خستووە کە لە وەرامدانەوەکەی مندا هاتبوون. هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم: ئەو ڕۆژە بەسەر چوو کە ڕۆڵەکانی کورد لە باکووری کوردستان، یان لە هەر شوێنێک کە کوردی تێدا بژی، ڕەش و سپی لێک جیانەکەنەوە و، وتەیەکی ئەم یا ئەو سەرکردەی کورد مینا (حەرفێن قورئان) مێزە بکەن!
- تیۆرییە سەقەت و نەزۆکەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان، کۆماری دیموکراتیی(تورک)، سەد هەزار جار پیرۆزی تۆ بێت. من وەک کوردێک دڵم تەنیا بە دەوڵەتی کوردی ئاو دەخواتەوە و، بە شتێکی کەمتر لەمە ڕازی نابم. ئەرێ بە ڕاست ئەوە کورد چەندین سەدەیە بۆ دیموکراسی تێدەکۆشێت یان بۆ سەربەخۆبوونی نیشتمانەکەی؟ ئەو نیشتمانەی کە تا ئێستا لەژێر چنگی قرێژی نەتەوە سەردەستە دەوڵەتدار و داگیرکەرەکانی کوردستان دەناڵێنێت. تورک و عەرەب و فارس و دیموکراسییان گوتووە. من دەوڵەتی کوردیم دەوێ و با دیموکراسییەکەی تورکیا و عێراق و سوریا و ئێرانیش پێشکەشی جەنابت بێ! دڵنیاشم لەوەی کە زۆربەی کورد لە ئازادی کەمتر بە شتێکی دیکە قایل نابن.
- ئەوە مەهاباد کوردی نییە بە گوێرەی دەربڕینەکەی خۆت (سیاسەت و سەبەتە) لێک جودا نەکاتەوە. ئازیزەکەم ئەوە سەرانی کوردن، ئەگەر (سیاسەت)یان لە (سەبەتە) جودا بکردبایەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئۆجەلان، ئەورۆ من و تۆ ڕەوشێکی دیکەمان لە کوردستان دەبینی و کوردیش سەنگ و ڕەنگ و دەنگی تایبەتی خۆی دەبوو. کاک بایز ئەگەر بە زەحمەتی نازانیت چاوێک لەو ڕاوەرگرتنانەی خەڵکی کورد بکە، کە لە هەردوو سایتەکەی کوردستان نێت و کلاوڕۆژنەدا هەن، ئینجا لەوانەیە، دەڵێم لەوانەیە، قەناعەت بە قسەکانی من بکەیت.
- تۆ بە چ شێوەیەک لە مانای (گلەیی لە دۆست دەکرێت نەک لە دوژمن) نەگەیشتوویت. من ڕێک بە پێچەوانەی لێکدانەوەکەی جەنابت ئەم وتەیەم هێناوەتەوە. یەکێ ئەگەر کوردیزان بێ دەزانێ من مەبەستم چییە. تۆ هاتوویت بە ئارەزووی خۆت ماناکەیت ئاوەژوو کردۆتەوە.
- ئەگەر بە بۆچوونی کاک بایز میراودەلی بێ، ئێمەی کوردی ئەوروپا، لە سایەی سەری پ.ک.ک فێری کۆبوونەوە و ڕێپێوان و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر کراوین. ئەمە کتومت قسەیەکی (هەڤاڵانی ناو حیزب)ە کە بەداخەوە هەموو کاتێک بە بچووکی سەیری تاکی کوردیان کردووە و، چ حیسابێکی ئەوتۆشیان بۆ نەکردووە. ئەوەی تایبەت بێت بە من، یەکەمین جار لە ساڵی 1987 لە خۆپیشاندانێکی کوردان، لە شاری ترۆلهێتان بەشدار بووم. ئامانجی خۆپیشاندەرانی کورد و هەندێ کەسی سوێدی و بێگانەش ناڕەزایی دەربڕین بوو لە دژی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، لەهەمبەر خەڵکی بێچارەی کورد لە گوندی شێخ وەسانان، لە لایەن ڕژێمی بەعسی عەفلەقی گۆڕبەگۆڕەوە. لەناو ئەو خۆپیشاندانەدا پ.ک.ک دەنگێکی تایبەتی نەبوو. بەتەنێ کوردی ئاوارە و دڵسووتاو بوون کە لە حەژمەتان دەیانقیڕاند و نەفرەتیشیان لە داگیرکەران و جەللادانی خوێنڕێژ دەکرد. بە شانازییەوە دەڵێم من لەو خۆپیشاندانەدا ئاگرم لە ئاڵای بەعسییان بەردا و ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی شارەکەش

وێنەیەکی تایبەت بە ڕووداوەکەی بڵاو کردەوە. دیارە ئەوسا پەیوەندی سوێد و ئەورووپا و دنیاش دەگەڵ ڕژێمە کوردکوژەکەی بەغدا لەوپەڕی باشیدا بوو.

- کاک بایز میراودەلی دەبارە و سەدبارەی دەکەمەوە کە من، مەهاباد کوردی، قەت قەت لەو قسە و بۆچوونانە پەشیمان نیم کە لە بابەتەکەی تایبەت بە لەیلا زانادا درکاندبوومن. دڵنیاشت دەکەمەوە لەمڕۆ بەدواوە ئەگەر جوێننامەشم بۆ بنووسیت لە گوڵ کاڵترت پێ ناڵێم! **سوێد 13-10-2004**

**<u>تێبینی</u>**: بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم باسە خوێنەر دەتوانێت تەماشای ژمارە 6ـی نێوەند 1-10-2004 و، هەروەها ژمارەکانی پێش ئەویش بکات. mehabadk@telia.com mehabadk@hotmail.com